# نێچیرڤان بارزانی بەشداری لە کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن دەکات

وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لە کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، گەیشتوەتە ئەڵمانیا.

دڵشاد شەهاب وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "نێچیرڤان بارزانی بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، گەیشتوەتە ئەڵمانیا".
وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم باسی لەوەشکرد، نێچیرڤان بارزانی لە میانی سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا، لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردە و بەرپرسانی باڵای وڵاتان کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدارن، چەندین دیدار و کۆبونەوەی دەبێت و دەربارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتان و دوا پێشهاتەکان لە ناوچەکە، گفتوگۆ دەکات و بیروڕا دەگۆڕێتەوە".